کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 13-11-2007 15:57

**سلبیاتەکانی دانەمەزاندن (تاعینات) لە کوردستاندا ... سەباح عەلی جاف**

گەرمیان،

لە ئێستا حوکمەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێك خستنی میلاکات و باشتر کردنی باری ئابوری خۆی بڕیاری داوە دامەزراندن ڕاگرێت و لە هیچ کام لە وەرزاتەکاندا دەم و چاوی نوی نەهێنێتە پێش و تەنها لە وەزارەتی پەروەدەدا ژمارەیەکی زۆر کەم بە هەزار واستەو ئەم لا و ئەولا دادەمەزرێنێت.

لێرەدا دەمەوی لەم ووتارەدا تیشك بخەمە سەر ئەو کارەی حوکمەت و لێکدانەوەیەکی بچوکی بۆ بکەم بە هەر دوو دیوەیەکەوە واتا بە باش و خراپ، وەك هەموان دەزانین وولاتی خۆمان وولاتێکی بە کار بەرە نەك بەرهەمهێنەر کە ئەمەیش وا دەکات کە خەڵکێکی زۆری بی کار لە وولاتدا هەبێت و بەردەوام چاویان لە دەستی حوکمەت بێت کە بیان کاتە خاوەنی داهات و بە جۆرێك لە جۆرەکان توانای کار کردنیان نیەوە بوونەتە بار بە سەر کۆمەڵکە و ئەو خێزانانەی کە تیّیدا دەژین و زۆربەی ئەو کەسانەیش لە گەنجان پێك دێن و ناتوانن کار بکەن و لە هەمان کاتیشدا هەژاران کە ئەمەیشیان جارێکی تر بووتە مایەی گرفتی جۆراو جۆر.

لای هەموان ئاشکرایە کە لەم دوایانەدا حوکمەتی هەرێم بڕیاری دا دامەزراندن ڕابگرێت کە ئەمە بە هەموو لە یەکدانەوەیەك کارێکی خراپ و هەڵەو وا دەکات جارێکی تر گەنجان لە دەسلات تورەَ و نیگەران بن کە ئەمەیش جارێکی تر ئەزمونەکە دەخاتە ژێر پرسیاری جۆر بە جۆرەوە کە وەلامدانەوەی کات و قسەی جدی هەڵدەگرێت، لێرەدا حوکوت کە بڕیار دەدات کە فەرمانبەری نوی دانەمەزرێنێت سودی تەنها ئەوەیە کە بوجەی حوکوت گەلیبَك زۆر تر دەبسێت و تێیشیدا تەنها بەر پرسە باڵاکانی حزب و حوکموت لیبیَ سود مەند دەبن.

کاتێك کە بوجەی حوکوت زۆر بوو ئایە ئەو پارەیە چی لی دێت؟ واتا لە چیدا سەرف دەکرێت کە ئەمە پرسیارێکەوە تەنها وەلامەکەی لە لای ئەو کەسانەیە کە خاوەنی ئەو بڕیارە بی پلانەن، ئایە گەر حوکمەت خەڵکی دانەمەزرێنێت چی دەقەومی لە کاتیبکدا وولاتی ئێمە وولاتێکی بە کار بەرە و ناتوانی چاوەڕێی دەستی حوکەت نەکات و لە 75%ی بوجەی هەرێم بۆ موچەیە.

سودێکی تری ئەو کارە ئەوەیە کە ئەم کارەی حوکمەت وا دەکات کە خەڵکی جارێکی تر پشت بە حوکەت نە بەستێت و ببنە خاوەنی خۆیان، لێرەدا من ئاماژە بە چەند خالێکی خراپی ئەو بڕیارە دەکەم کە گەر دامەزراندن ڕابگیرێت کاریگەری خراپی لەسەر ژیانی هەموان بە تایبەت گەنجان دەبێت.

* کاتێك کە دامەزراندن ڕادەگیرێت بە هەموو شێوەیەك ژیانی ئابوری خەڵك دەوەستێت بە شێوەیەك کە ئاڵو گۆڕ کردن لە نێو خەڵکیدا سست دەبێت و بازاڕ دەوەستێت کە ئەمەیش دوا جار کار لە ئابوری کوردستان دەکات کە زیان بە ژێر خانی ئابوری وولات دەگەیەنێت.

* کاتێك کە گەنجێك چەندین ساڵ دەخوێنێت و ژیانی خۆی بۆ خوێندن تەرخان دەکات دوا جار کە پەیمانگا یان زانکۆ تەواو دەکات و لە لایەن حوکمەتەوە دانامەزرێت، ئەوا بەم شێوەیە خوێندن و پرۆسەی خوێندن لە کوردستاندا ئفلیج دەبێت، لە لای هەموان بی بایەخ دەبێت کە ئەمەیش ئاستی زانست و زانیاری بەرەوە و دواوە دگەڕێنێتەوە و قەڵەم و خوێندن و زانست لە لای نەوەی ئێستا بی بایەخ و بی مانا دەبێت.

* ئەو کاتەی کە دانەمەزراندن دەبێتە دروشمی سەرەکی حوکمەت کۆمەڵگەی کوردەواری لە رووی کۆمەلایەتیەوە توشی گرفتێکی گەورە دەبێت ئەویش ئەوەیە کە پێکەوە نانی خێزان و ژیانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کۆمەڵایەتی بەرەوە هەڵوەشانەوە و کەم بوونەوە دەچێت کە ئەمەیش شیرازەی خێزان و کۆمەڵگە تێك دەدات وا دەکات کە ڕێژەی قەیرە بون و خستنەوەی نەوەی تەندروست کەم دەبێتەوە.

*گەروەترین هەرەشەی ئەم کارەی حوکوت تۆرانی گەنجانە لە خاك و نیشتسمان و کۆچی بەکۆمەڵە بەروە هەندەران کە ئەمەیش وا دەکات کە کۆمەڵگەی کوردەواری ببێتە خاوەنی کۆمەڵگەیەکی پیر کە گەنجەکانیان ژیان لە تاراوگە بەسەر بەرن و هەموو وزە و توانای خۆیان لە غەریبی بەسەر ببەن.

*پەرەسەندنی کاری لا بەلا لە نێو چینی گەنج و دانەمەزراو (تاعین) دا کە زۆر کات ئەو بەتاڵەیە وا دەکات کە کاری خراپ بڵاو ببێتەوە کە ئەمەیش چەندین کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری بە دوای خۆیدا دێنی، بۆ نمونە ڕەنگە بە هۆی نەبونی کار و خراپی لاینی مادیەوە گەنجان پەنا بۆ تیرۆر و گروپی تیرۆرستان بەرن ئەمەیش لە ئەمڕۆی کوردستاندا بەدی دەکرێت.

*لایەنیەکی دیکەی خراپی دانەمەزاراندن کاریگەریە دەرونیەکمانیەتی لەسەر ئەوە کەسەری کە خاوەنی بڕوانامەیە و کەسێکی تەکنۆکراتە کەچی دەبێت کارێك بکات کە لەگەڵ سروشت و بۆچی و ئەودا ناگوەنجی

*ڕەنگە بە هۆی دانەمەزارندنەوە گەندەڵی و ڕێژەی گەندەڵ بون لە نێو دامودەزگانی حوکمەتدا پەرە بسێنێت و بەو هۆیەوە نەتوانرێت ڕێگری لی بکرێت.

قسە کردن لەسەر وەها مەسەلەیەك زۆر لایەن و ڕەهەند هەڵدەگرێت کە ڕەنگە ئەوەندە بەس بێت بۆ خراپی ئەو بڕیار و کارە کە هیوادارم حوکمەتی هەرێم بە زوترین کات بیر لە ڕێگە چارەی تر بکاتەوە بۆ هەر دوو مەسەلەکە وەتا بۆ دانەمەزراندن و بوجەی هەرێم، پێویسە لێکۆڵینەوی وورد لەم بڕیارەی حوکمەتدا بکرێت و بە هەموو شێوەیەك لە ئێستا حوکەت بۆ چاترەسەر کردنی قەیرانەکە بیر لە ڕێگە و کاری دیکە بکاتەوە چونکە سلبیاتی ئەو بڕیارە لە ئیجابیاتی گەلێك زۆر ترە.

Sabahali83@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.